# ئافرەت لەڕوانگەی فیقهی ئیسلامییەوە دروستە بەرپرسیاری وەربگرێت



عبدالله سید نوری

هەڵبەتە رونو ئاشکرایە لەلای زۆربەمان ئەم ئایینە جوانەی ئیسلام چەند بایەخو گرنگی داوە بەئافرەت لە هەموو بوارەکانی ژیان، سەرەتا وەك کچێکی گچکەو کیژۆڵەیەکی خنجیلانە لەماڵی خانەوادەی دایكو باوك، خۆشەویست(ﷺ) دەفەرموێ لەم قۆناغە: (خەڵکینە گەر پەروەردگار بواری بدامایە ئەوە کچم گرنگو تەفزیل تر دەزانی لەسەر کوڕدا). دەبینی کچ لەقۆناغی یەکەمدا چەند گرنگی پێ دراوە.

پاشان قۆناغی دووەم کاتێ ئەو کچە بەرەو ژیانی نوێی هاوسەریتی دەچێ، لەم قۆناغەدا دەبێ ئاگاداری چەند حاڵەتێك بین:

- مافی دروست کردنی ژیانی هاوسەریتی سەبارەت بەو کچە بەستراوە تەنها بەخۆیەوە، واتە گەر پێی خۆش بێت ئەوە دەتوانی شوو بکاتو خانەوادە پێك بهێنێ، وەئەگەر پێی خۆش نەبێت ئەوە بۆ کەس نییە زۆری لێ بکات.
- بەهیچ شێوەیەك دروست نییە بدرێ بەپیاوێك کە ئەو پێی باش نەبێت، بەڵکو دەبێ بەوپەڕی ڕەزامەندی خۆی بێت.
- کاتێ دەچێتە ماڵی هاوسەری دەبێ ئەم شتانەی بۆ ئەنجام بدریت: (مارەیی بدرێتێ، ریزی لێ بگیرێت، پێداویستی ژیانی بۆ ئامادە بکرێت لە جلوبەرگو خواردنو خۆراك... هتد)، وەلێرەدا خوای گەورە دەفەرموێ: (لِلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِمَّا اكْتَسَبُوا وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِمَّا اكْتَسَبْنَ)، واتە پیاو لەوانەی کە دەیکات بێبەش نابێت هەروەها ئافرەتیش. هەروەها دەفەرموێ (فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لَا أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِنْكُمْ مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى بَعْضُكُمْ مِنْ بَعْضٍ) ال عمران ١٩٥، واتە خوای گەورە بەشی هیچ کەسك بزر ناکات لە چاکەو خێرو سەواب، چ پیاو چ ژن.

قۆناغی سێیەم: ژیانی دایکایەتی، ئەمەش بۆ خۆی واتای هەرە گەورەی خۆی هەیە لە قۆناغی رێز گرتن وبەرزی ئافرەت. تەنها ئاماژە کردن بە فەرمودەی خۆشەویست(ﷺ) کافییە بۆ رونکردنەوەی ئەم رێزە. کە دەفەرموێ: (هەرچ کەسێ دەیەوێ ژیانی سەرکەوتو بێو رزقی زیاد بێو بژێوی ژیانی خۆش بێ وە لەڕۆژی دوایی بە بەهەشت شاد بێ، ئەوە با چاك بێ لەگەڵ دایکی).

ئەمەی باسمان کرد وەك سەرەتایەك بوو بۆ چوونە ناو باسەکە.

لەڕوانگەی فقهی ئیسلامییەوە لە مەزهەبەکانی ئیسلام ئافرەت بۆی هەیە وەك پیاو ئەم مافانەی خۆی جێبەجێ بکات گەر خۆی ئارەزووی لێ بێت:

**مافی یەکەم:** مافی کڕینو فرۆشتن، واتە (ذمة مالية)، چ لەبواری تایبەت بەخۆی وەك چونە بازارو شتومەك کڕینو پارە خەرج کردن بۆ پێداویستی تایبەت بەخۆیو خانەوادەکەی.

هەروەها لەبواری گشتی واتە لەبواری تیجاریو بازرگانی مافێکی زۆر ڕەوای خۆیەتی کە خاوەنی بازرگانی خۆی بێت چ بە تملیك وەك ئەوەی خاوەن ئەسواقو بازاڕ سۆپەرمارکیت بیت... هتد، یان لەبواری گەشەپیدانی سەرمایەی ئابووری وەك کردنەوەی کۆمپانیاو کارگەو معمل... هتد، بەبێ هیچ جیاوازییەك لەگەڵ پیاو. ئەم حوکمە هەموو فوقەهاو زانایان کۆکن لەسەری بەبێ خیلافو جیاوازی. وە بێگومان مافی ئابووری چاکترینو قوڵترین مافە لەناو مافەکانی مرۆڤایەتی. وەفەرمانی بەڕێوەبەرێکی ئافرەت لەکارگە یان کۆمپانیا یان نوسینگەیەکی بازرگانی دەبێ جێبەجێی بکریت لەلایەن کارمەندان چ پیاو چ ژن.

زانایان بەڵگە لەسەر ئەمە دێننەوە:

**نمونەی یەکەم:** بەڕێوەبردنی خۆشەویست(ﷺ) بازرگانی خەدیجەی خێزانی لەپێش پێغەمبەریو تا ماوەیەکی کورت لەدوای پێغەمبەرایەتی. وەئاشکرایە خۆشەویست لەلای ئەو وەك بەڕێوەبەریکارو باری بازرگانی کاری دەکرد.

**نمونەی دووەم:** خێزانەکانی خۆشەویست(ﷺ) وەك عائیشەو سەفیەو ئوم سەلەمە هەموویان بۆ کڕینی شتومەك پیاوییان بەکرێ گرتبوو.

**نمونەی سێیەم:** ئیمامی عومەر ئافرەتێکی بە بەڕێوەبەری بازاڕ سپارد کە ناوی (شیفای کچی عبدالله عبدالشمس) بوو لەساڵی (٢٠هـ).

**مافی دووەم:** هەروەها زانایان کۆن لەسەر ئەوەی ئافرەت ئازادە لەرەتکردنی یان قبوڵکردنی پیاوێك بەمەبەستی داخوازی، دێتە پێشەوە وەبۆ هیچ کەسێك نییە زۆری لێبکات. وەئەگەر بە زۆر درا بە شوو ئەم شووکردنە بەتاڵەو دروست نییە.

**مافی سێیەم:** بۆی هەیە بەڕێوەبەری بەشی ئافرەتان بێت لەماڵەوە وەك کاروباری ئافرەت لەماڵو مێردو پەروەردەی منداڵ وەك خۆشەویست دەفەرموێ(ﷺ): (ئافرەت بەڕێوەبەری ماڵی هاوسەرێتی خۆیەتیو بەرپرسە لەوانەی لەژێر رکێفی ئەو دان).

**مافی چوارەم:** بەشداریکردنی لەسیاسەتی دەوڵەتو کاری دروستبوونی قەرار واتە بەشداریکردنی لە(شوری) یان بەوردتر وەك: ئەندامێك لە شورای دەوڵەت، یان وەك ئەندامێکی حیزبی پاشان ئەندامێکی پەرلەمان وەبەشداریکردن لەدروستبوونی سیاسەتی مەدەنی دەوڵەت.

وەدەبێ ئێمە ئاگاداری ئەوەبین کە ئیجماع لەفیقهی ئیسلامی، زانایانی پیاو ژن دەگرێتەوە نەك وەك ئەوەی هەندێك بەهەڵە لێی حاڵیبونە، کە دەڵێن ئیجماع تەنها زانایانی نێر دەگرێتەوە.

وەبۆ ئەم مەبەستە چەند نمونەیەك وەك بەڵگەو دەلیل دێنمەوە:

١- خۆشەویست(ﷺ) رای ئوم سەلمەی خێزانی لەچۆنیەتی کار کردن لەڕۆژی (حودەیبیە) ساڵی ٦هـ، رایەکەی ئەوی پەسەند کردو هەموو هاوەڵە مەزنەکانی خۆشەویست ئەوەیان کرد کە (ام سلمة) بە پێغەمبەری گوت.

٢- لەکۆتایی ساڵی ٨ هـ، خۆشەویست(ﷺ) تەنها ئاگاداری عائیشەی کرد کە دەیەوێ بەرەو (مەککە) بڕواتو فەتحی بکاتو پێی فەرموو ئەمە نابێ کەسی تر پێی بزانی جگە لە تۆ. دەبینی نهێنییەکی ئاوها گەورە چۆن خۆشەویست تەنها بۆ ئافرەتیکی وت کە ئەویش دایکی موسڵمانە حەزرەتی عائیشە. وەئەمە مانای ئەوەیە ئافرەت بەشداری کردووە لە دروست بوونی سەرەتای دەوڵەتی ئیسلامی، هەروەها مانای ئەوەیە کە ئەم ئایینە لەم بوارە زۆر گرنگی داوە بە ئافرەت.

٣- کاتێ خوای گەورە خۆشەویستی سەرخستو فەتحی مەکەی کرد وەك شێوازێکی (شوری) خەڵکی گفتیان دەدا پێی، نەك تەنها پیاوان بەڵکو ئەم بەیعەو گفتە ئافرەتانیشی گرتەوە.

٤- لەگفتی عەقەبەی دووەم، ٧٣ پیاو گفتیان دا بەخۆشەویست هەروەها دوو ئافرەتیشیان تیدا بوو، ئەو دوو ئافرەتەش (نوسەیبەی کچی کەعبو ئەسماوی کچی عمر) بوون.

٥- لەکۆبوونەوەی موسڵمانان بۆ دانانی خلیفە لەدوای کۆچ کردنی خۆشەویست(ﷺ) موسڵمانان بە ژنو پیاو کۆبوونەوە بۆ دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی ئیمامی ئەبوبەکر وەك خلیفە، بۆمان دەردەکەوێ زۆر بەئاشکرا کە ئافرەت مافی هەبووە لەو هەڵبژاردنە بەشداری بکات، چونکە هەزرەتی فاتیمە سەرەتا نەیدەتوانی گفت بدات بە هیچ کەس لەپاش باوکی هەر بۆیە ئیمامی ئەبوبەکر زۆر جار دەچووە لایو دڵی دەدایەوەو باسی گرنگی رای ئەوی دەکرد وەك فاتیمە، ئەوەبو پاش پێنج مانگ یان زیاتر بەیعەو گفتی دا بەئیمامی ئەبوبەکرو موسڵمانان لەم رۆژەدا زۆر دڵخۆش بوون.

وە بەڵگە زۆرە بۆ ئەم مەبەستە بەڵام لێرەدا ئەوەندە بۆ وێنە بەسە کە ببێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی ئافرەت بەشدار بووە لەسەرەتای دروست بوونی ئیسلامو شوراو سەرەتاییەکەی.

**مافی پێنجەم:** دروستە ئافرەت ببێ بە دادوەرو قازیو کاتب عدل، بەڵام تەنها نابی دادوەری بکات لە (حدود) واتە لەحوکمانەی کە بڕیاری کوشتنی تیدایە یا دەست بڕینو... ئەمە لای ئیمامی حەنفی بەڵام لای ئیمامی ابن جریری تەبەریو ئین حەزمی زاهیری دروستە دادوەری بکات بۆ هەموو دۆزێك بێ جیاوازی.

**مافی شەشەم:** دروستە ببێ بەسەرۆکی وڵات، امامی ابن حەزم –کە گەورەی مەزهەبی زاهیرییە- دروستی کردووە ئافرەت ببێ بەسەرۆکی ویلایەتێك یان مملەکەیەك یان هەرێمێك، بەڵگەکانی بۆ ئەم مەبەستە ئەمانەیە:

- دانانی ئیمامی عومەر شفائی کچی عبدالله بە بەرپرسی بازاڕی گشتی قەومەکەی.
- هەروەها فەرمودەی خۆشەویست(ﷺ) دەکاتە بەڵگە کە دەفەرموێ: (ئافرەت شوانەو بەرپرسیشە لەوانەی کە لەژێر دەسەڵاتی ئەو دان)، ابن حەزم دەڵێ: ئافرەت دەتوانی ببێ بەسەرۆکی ویلایەتو هۆزو هەرێم، بەڵام خەلیفەی هەموو وڵاتانی ئیسلام نا.

**مافی حەوتەم:** دروستە ببێ بە سەربازو پۆلیس ئەفسەرێکی سەربازی، بەڵام لەو بوارانەی کە دەگونجی لەگەڵ باری جەستەییو دەروونی ئەودا. بەڵگەش بۆ ئەمە:

- کاتێ لەجەنگی (احد)دا هێزەکانی قورەیش توانییان گەمارۆی خۆشەویست بدەن، نۆ کەس توانیان لەدەوروبەر خۆشەویست بەرگری بکەن لەوانە (ام عمارة، نوسەیبەی کچی کعب) کە بەرگری لە خۆشەویست کردو نوسەیبە لەدوانزە جێ بریندار بوو.
- هەروەها (دایکی سلیم)و (دایکی سلیت)و حەزرەتی عائیشە لەناوەندی جەنگدا بریندارەکانیان تیمار دەکردو ئاویان دەدا بە خەڵکی، هەروەها (دایکی ایمن) کاتێ هەندێ لەموجاهیدەکانی بینی هەڵدێن وتی: شەرم کەن، دەی ئەو شمشێرە بدەن بە منو تەشێکەی من برن بۆ خۆتان.. پاشان چووە ناو جەنگەکەو تا تیرێکی پی کەوت، لەوکاتەدا خۆشەویست فەرمانی کرد بە (سعد کوری وقاس) نەجاتی بداتو دوژمنانی لێ دوور بکاتەوەو، سعدیش کردیو نەجاتی دا.
- هەروەها حەزرەتی فاتیمە زامەکانی خۆشەویستی(ﷺ) تیمار دەکردو خوێنەکانی دەسری وەکاتێ زانی زامەکانی سەختە پارچە حەسیرێکی سوتاندو نوساندی بە برینەکانی پێغەمبەرو ئەمجا خوێنەکەی راوەستا.

ئەم کردارە سەربازییانە روویدا لەلایەن ئەم ئافرەتە بەجەرگانە بەوجودی خۆشەویستو نەهی نەکرد لەم بەشداری کردنە، وەئەمەش پێی دەڵێن سوننەتی (تقرير).

هەندێك بۆ حەرام کردنی بەدەسەڵات بوونی ئافرەت لەدامودەزگاکانی دەوڵەتدا ئەو فەرمودەیە دەکەنە بەڵگە کە خۆشەویست دەفەرموێت (ئەو گەلە کە ئافرەتێك حوکمرانی دەکات، براوەو سەرکەوتوو نابێت)، بەڵام ئیمە لەسەر ئەم فەرموودەیە چەند روانینێکمان هەیە:

١- ئەم فەرمودەیە لەڕووی ریوایەتەوە راستەو سەحیحە، بەڵام لەڕووی تێگەیشتنەوە واتە (فقه الحديث) هەروەك هەندێ لەزانایان باسی دەکەنو دەڵێن:

- ئەم فەرمودەیە تەنها تایبەت بووە بەئیمپراتۆرییەتی گەورەی فارسی ئەو سەردەمە، چونکە کۆمەڵێك هاتنە خزمەت خۆشەویست(ﷺ) وەئەوانە لەفارس دەگەڕانەوەو ئاگاداری خۆشەویستیان کرد کە گەورەی هەموو پارچەکانی فارس کۆچی دوایی کردووە. خۆشەویست فەرمووی: ئەی ئیستا کێ حوکم ڕانییان دەکات دوای کۆچی دوای سەرگەورەکەیان؟؟ یەکێکیان گوتی کچی پاشا کۆچکردووەکەو. خۆشەویست فەرمووی (ئەو گەلە براوە نابێت کە ئەو ئافرەتە حوکم ڕانییان بکات) واتە هەندێك لەزانایان دەڵێن -وەرای ئێمەشە وەك توێژەرێك- کە ئەم فەرمودەیە تایبەتە بە گەلی فارسی ئەو سەردەمە.

یان ئەمە تایبەتە بە ئافرەتێکی بێ باوەڕو دوور لەحوکمڕانی عادیلانەو یەکسانانە وەکو کچی ئەوپاشا کۆچ کردووەی فارس، کە باوکیو ناسراوبوو بەحاکمێکی لاوازو ستەمکار، واتە ئەمەش سەرناکەوێ وەکو باوکی.

٢- یان ئەم فەرمودەیە یەکێکە لەنیشانەکانی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر(ﷺ)، واتە خودا ئاگاداری خۆشەویستی کردووە بەوەحی کە ئەم ئافرەتە حوکمڕانیەکەی کورت دەبێتو نامێنی لەدەسەڵاتو لەشکرەکەی فارس تێك دەشکێتو وڵات تێك دەچێ، وەئەمەش روویدا وەك چۆن خۆشەویست فەرمووی.

٣- یان ئەگەر بڵێین ئەم فەرمودەیە تایبەت نییە بەفارسەوە، بەڵکۆ هەموو گەلێك دەگرێتەوە، لێرەدا مانای فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە ئافرەت دروست نییە حوکم رانی گشتی بکات واتە خەلیفەی گشتی یان پلەی (الامامة العظمى)، بەڵام دەتوانێت حوکمڕانی وڵاتیك یان ویلایەتێك یان هەرێمێك یان کۆمارێك یان مملەکەتێك بکات.

## خولاسەی باسەکە

خولاسەی باسەکەمان بەپێی ئەو بەڵگە شەرعیو عەقلییانەی باسم کرد ئەوەیە: کە حوکمڕانی ئافرەت لەفیکری ئیسلامیو فیقهی ئیسلامی دەچێتە ئەحکامی خیلافی فیقهی، مانای وایە قابیلی گۆڕانکاریو بەدواچوونەوەیە، چونکە ئایەتێکی (قطعي وصَريح)مان نییە حرامی بکات ئافرەت دەسەڵات وەرگریو ببێ بەسەرۆکی دەوڵەت، بەڵکو قورئانی پیرۆز باسی (بەلقیس) دەکات کە حوکمڕانی دەوڵەتی (سبأ) کردووە وەهیچ ئاماژەیەك ناکات بەدروست نەبوونی حوکمڕانێکەی بەلقیس، هەروەها لەفەرمودەکانی خۆشەویست بەو شێوەیە.

بۆیە ئەم مەسەلەیە لە بابی موعامەلاتە نەك عیبادات، وە ئاشکرایە کە عیبادات ئیجتهادی تیدا ناکریو تێڕوانینی تازەی تیدا ناکری، بەڵام موعامەلات جێگای ئەوەیە تێروانینی تازەی تیدا بکرێت، چونکە بۆی هەیە بگۆڕێت بەپێی کات شوێنو بەرژەوەندی موعتەبەر.

ئافرەت دەتوانێ ببێ بە بەڕێوەبەرو ئەندامی پەرلەمانو وەزیرو سەرۆکی پەرلەمانو شارەوانیو سەرۆکی هەرێمو ولایەتو ئەقلیم، بەڵام خیلافەتی گشتی واتە (خلیفەی گشتی هەموو پارچەکانی وڵاتانی ئیسلامی) ئەمەیان نابێتو شەرتی ئەوەیە کە پیاو بێت وەئەمە هەموو زانایان کۆکن لەسەری، تەنها خوارج دەڵێن دروستە ئافرەت خلیفەی گشتیش بکات (رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِنْ نَسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا).

# گەنجو عەقڵیەتی چەقبەستوو

عوسمان جبار

بەڕاستی خۆشاردنەوەمان لەو ئەرکە پیرۆزەی لەسەر شانمانە، کە هەر خۆشمان بەو ئەرکە هەستاوین ئەویش کاری بانگەوازیە لەپێش هەموو شتێ زەرەر دانە بەخۆمان ئینجا زەرەر دانە بەو چاوەی، کە ئەگەر تۆزێك بینایشی هەبێت دەبینە هۆکاری لەدەستدانی ئەوەش، کە هەیەتی مەبەستم پێی چاوی ڕاستەقینە نیە بەڵکو چاوی دڵە.

چونکە بێگومانین لەوە گەر چاوی سەر شتیش ببینێت گەر چاوی دڵ، کە راپەڕێنەرو سەرۆکی ئەندامەکانە نەخۆش بێت یا لەبەر هەر هۆکارێك بێت قبوڵی نەکات ڕەت دەکرێتەوە، من دەستپێکی نووسینەکەم بەم چەند قسەیە دەست پێکرد لێرە بەولاوە دەچمە سەر باسی بابەتەکە.

دەڵێم ئایا گەنجو لاوانمان تینوی چین؟ تا چەند گەیشتونەتە ئاستی تینویەتیان تا چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە؟ ئایا گەر حاڵمان زانین تا چەند توانیومانە بیانژێنینەوە یان لانی کەم ڕوناکییەکمان بۆ بەدەست خستبن.

تاکو بتوانن بەردەمی خۆیان پێ ببینن، ئەمانەو چەندین پرسیار، چ لەسەر شەقام چ کەناڵەکان چ ڕۆژنامەکان، کە ڕۆژانە بەردەوام ڕووبەڕووی گشتمان دەبنەوە بەتایبەت چینی زانایان، بۆیە دەڵێم: گەرچی هەر تاکێکی ئەو وڵاتە وڵامی یەکە یەکەی پرسیارەکانی لەلایە، بەڵام دێمەگۆو دەڵێم: بەبێ پەردە بەسەردادان گەنجەکانمان نەك تینوون بەڵکو لەوپەڕی تینویەتیدان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی جوان نییەو وتەیەکی پڕ بەپێستی نییە گەر بڵێم زانایانی کوردستان هیچیان نەکردووە.

بەڵام واقیعێکەو نیشانی دەدات، کە بەڕاستی کەمتەرخەمیش زۆر کراوە ئەوەی، کە بەگشتی کاریان کردووەو بەرچاوە، دووبارەش دەڵێم وەك پێویست نییە ئەوەی منیش ئاراستەی دەکەم مەبەستم پێی کارکردنە لەنێو توێژی گەنجان.

بەتایبەتی کە بەدڵسۆزیو شانازیەوە هەر ڕەخنەو گلەییو پێشنیارێك هەبێت دەبێت لەسەر سەرو چاوانمانی دابنێین، چونکە مەبەست لێی شکاندنەوە نییە، گومان لەوەدا نییە، کە ئێمە نەمانتوانیووە بچینە نێو دەمارەکانیان بۆ؟

لەبەر چەندین هۆکار من لێرەدا تەنیا ئاماژە بەدوویان دەکەم: یەکەم چونکە وتەی شیرین پاسپۆرتی چوونە نێو دڵەکانە، دووەم هێشتا ئێمە چاکسازیمان لەخۆماندا نەکردووە نەچووینەوە چاوێك بەڕابردوومانا بگێڕین، بۆ ئەوەی ئەزموونێکی چاکی لێ فێربین.

کەچی دەشمانەوێت لەتاکەکانی نێو کۆمەڵگادا گۆڕانکاری بکەین، خوای گەورە دەفەرمووێ: (إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ)، واتە: بێگومان خوا بارودۆخی هیچ قەومو گەلێك ناگۆڕێت (لەخۆشییەوە بۆ ناخۆشی، یان لە زەلیلیەوە بۆ سەربەرزی، یان لەگرانیەوە بۆ هەرزانی) هەتا ئەوان ئەوەی بەخۆیان دەکرێت نەیگۆڕنو نەیکەن.

ئەوەشیان وەڵامێکە بۆ هەر هەموو خەڵکی جیهان، کە دەیانەوێ گۆڕانکاری لەوڵاتدا دروست بکەن، کەچی هێشتا خۆیان چاك نەکردووە نمونە گەلێ زۆرن لەوانە: دەگێڕنەوە دەڵێن پاشایەك هەبوو لەوڵاتێکدا ویستوویەتی گەشتێك بکات لەدوای گەشت کردنیو گەڕانەوەی بۆ وڵاتی خۆی.

کە ڕێی چەند کیلۆمەترێك بووە وەزیرەکەی تەماشای پێیەکانی دەکاتو خۆیشی سەیری پێیەکانی خۆی کرد




خوێنی لەبەر دەڕوات، پاشا فەرمانی دەرکردو بە وەزیری گووت: تازووە دەبێ گۆڕانکاری لەوڵاتدا بکرێتو هەموو کونو کەلەبەرێکی ئەو وڵاتە بە پێستی حەیوان داپۆشرێ بۆ ئەوەی جارێکیتر ئەم حاڵەتەم تووش نەبێت.

بەڵام ئەو وەزیرێکی زۆر ژیری هەبوو گوتی: پاشام من پێشنیارێکی ترم هەیە گەر قبوڵی بکەیت، پاشاش گوێی بۆ ڕاگرت، ئەویش گوتی: لەجیاتی ئەوەی سەرتاسەری وڵات گۆڕانکاری تیا دروست بکەی تۆ تەنیا بۆ خۆت جووت پێڵاوێك لەم پێستە بۆ خۆت دروست بکە، هەموو وڵاتت بۆ دەگۆڕێت.

لەم چیرۆکەدا پەندو ئامۆژگاری چاکی لێ وەردەگرین، پاشا ویستی وڵات بگۆڕێت کە زۆر ئەستەم بوو گۆڕینی پێش ئەوەی بیر لەگۆڕینی خۆی بکاتەوە بیری لەگۆڕینی وڵات کردەوە، ئەم نمونەیەش ئەو ئایەتەی پێشووی دەوڵەمەنتر کرد.

دەتوانم بڵێم دەبێ تێکەڵی گەنجانمان ببینو تینوویەتیان بشکێنین، گەر وانەکەین تاوانبار دەبین لەبەر ئەوەی ئێمە بەرپرسیار ین لە ئاست کۆمەڵگادا چونکە تینویەتیمان نەشکاندووە، لەکۆتایدا دەڵێم ئەوەی گرنگ بوو خاڵێك بوو باسمان کرد.

کە لەپێش هەموو خاڵێکەوەیە ئەوەی تریشی چەندی لەسەری بدوێین کەمەو زۆر هەڵدەگرێت، بەتایبەت کارکردن لەسەر فکریات چونکە بەرنامەی ئیسلامیش گرنگیەکی وەهای بەبابەتی بیرو باوەڕ داوە بەهیچ کامێکی تری نەداوە، بۆیە دەڵێم: گەر ڕوناکی نەبێت لەکایە... چاوساغیش وەك نابیناوایە.

# سۆزی نیشتیمان پەروەری لەدیدی چەند ئایەتێکی قورئانیدا

مەلا محمد ئیبراهیم میراودەلی

خوای پەروەردگار خۆی مرۆڤەکانی بەچەندین هۆزو تیرەو گەلی جیاجیا دروست کردوون و زمانی جیاجیاشی پێ بەخشیون، ئەمەش بە نیشانەیەك لە نیشانەکانی خۆی وەسف دەکرێت، ئەم گەلو هۆزانەش وەك ئیرادەیەکی خوایی بونەتە خاوەن خاكو نیشتیمانی خۆیان.

بۆیە سروشتو پێکهاتەی مرۆڤ وا دروست کراوە هەردەم ئەو شوێنەی خۆشدەوێت، کە لەسەری لەدایك بووە لەبەر ئەمە دەتوانین بڵێین خۆشەویستی نیشتیمان لەڕوانگەی ئیسلامەوە نەك هەر دروستو پەسندە بەڵکو ئەوکو پێویستە دەکەوێتە خانەی (واجب)ەکان.

نیشتیمان پەروەری جێگایەکی بەرزو پیرۆزی هەیەو بە مافی هەموو گەلو هۆزێك زانراوە، کە ولاتو نیشتیمانی خۆی خۆش بوێتو داکۆکی لە مافەکانی بکات، تەنانەت چەمکی جیهاد بۆ ئەوە داڕێژراوە تاکو تاکەکانی گەل ئەم ئەرکە شەرعیەی خۆیان بەجێ بگەیەنن، کە بریتیە لە پاراستنی خاكو نیشتیمانو دەستکەوتەکانی گەلەکەیان ئەو مرۆڤەی لەو پێناوەشدا گیان بەخت دەکات بە شەهید لەقەڵەم دەدرێت.

گەر ڕوو لەقورئانی پیرۆز بکەین ئەم حەقیقەتەمان جوانتر بۆ ڕوون دەبێتەوە خوای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّ الَّذِي فَرَضَ عَلَيْكَ الْقُرْآنَ لَرَادُّكَ إِلَى مَعَادٍ قُل رَّبِّي أَعْلَمُ مَن جَاء بِالْهُدَى وَمَنْ هُوَ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ)، أبن کپیر یەکێ لەو مانایانەی ئەی بەخشێ بە وشەی (لَرَادُّكَ إِلَى مَعَادٍ)، گەڕاندنەوەی پێغەمبەری خودایە(ﷺ) بۆ مەککە هەروەك لە ئیبن عباسو چحاك ریوایەت دەکات.

کە کاتێ پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەکاتی کۆچکردنی بۆ مەدینە دەگاتە شوێنێك پێی دەگوترێ (الجحفة) ڕوو لە مەککە دەکاتو دەفەرمووێ: (يا مكة والله أنك لأحب أرض الله ألـيَّ ولـولا أخرجوني ما خرجت)، خوای گەورە بۆ دڵدانەوەی پێغەمبەر(ﷺ)، کە غەمبارە لەبەرامبەر جێهێشتنی زێدی باب و باپیرانی ئەم ئایەتەی بۆ نازڵ دەکات.

بەڵکو لەقورئانی پیرۆز خۆشەویستی نیشتیمان دەکاتە پێوەرێك بۆ موسڵمانان لەبارەی نادروستی هاوکاری کردنو خۆشەویستیو پاڵپشتی کردنو چاکەکردن بۆ کەسێك، کە دژی نیشتیمانەکەت دەجەنگێو دژایەتی دەکات، چونکە خاکەکەمان داگیر دەکەنو گەلەکەمان توشی ڕاگوێزانو ئاوارەیی دەکەن.

خوای گەورە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاءَ تُلْقُونَ إِلَيْهِم بِالْمَوَدَّةِ وَقَدْ كَفَرُوا بِمَا جَاءَكُم مِّنَ الْحَقِّ يُخْرِجُونَ الرَّسُولَ وَإِيَّاكُمْ أَن تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ رَبِّكُمْ إِن كُنتُمْ خَرَجْتُمْ جِهَادًا فِي سَبِيلِي وَابْتِغَاءَ مَرْضَاتِي تُسِرُّونَ إِلَيْهِم بِالْمَوَدَّةِ وَأَنَا أَعْلَمُ بِمَا أَخْفَيْتُمْ وَمَا أَعْلَنتُمْ وَمَن يَفْعَلْهُ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاءَ السَّبِيلِ).

لەم ئایەتە تێدەگەین ئەوانەی خەڵك لەوڵات دەردەکەنو ئاوارەیان دەکەن دوژمنی خواو خەڵکن نابێ هاوکاریان بکرێت.

گەر ئێمە زیاتر وردبینەوە لەقورئانی پیرۆز ئەوا تێدەگەین، کە کەسێك گیانی بەخت بکاتو واز لەژیان بێنێ باشترە نەوەك خاكو وڵاتی داگیر کرابێتو خۆی لەژیان بێت، بۆیە خوای گەورە وازهێنان لە نیشتمان بە خۆکوشتن لێك دەداتەوە، هەروەك دەفەرمووێ: (وَلَوْ أَنَّا كَتَبْنَا عَلَيْهِمْ أَنِ اقْتُلُوا أَنفُسَكُمْ أَوِ اخْرُجُوا مِن دِيَارِكُم مَّا فَعَلُوهُ إِلَّا قَلِيلٌ مِّنْهُمْ وَلَوْ أَنَّهُمْ فَعَلُوا مَا يُوعَظُونَ بِهِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَأَشَدَّ تَثْبِيتًا).

تەنانەت خوای گەورە لەئاستێکی ئەوەندە بەرز باسی نیشتمان دەکات، کە ئەو کەسەی خەمی بۆ هەڵناگرێتو کەمتەرخەمو خوێن ساردە لەئاست نیشتمانو ئامانجەکانی گەلەکەی مرۆڤێکە تەنها شایانی مردنەو بە مردوو حیساب دەکرێ، چونکە لەدەستدانی سەربەخۆیی واتە لەدەستدانی ژیان.

خوای گەورەش دەفەرمووێ: (أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ خَرَجُوا مِن دِيَارِهِمْ وَهُمْ أُلُوفٌ حَذَرَ الْمَوْتِ فَقَالَ لَهُمُ اللَّهُ مُوتُوا ثُمَّ أَحْيَاهُمْ إِنَّ اللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى النَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ)، لەم ئایەتەدا بەرگریو پارێزگاری لە نیشتمان بە ئازایەتیو جوامێری دەداتە قەڵەم. بەڵکو خۆشەویستی نیشتمانو بەرگری کردنی بە ژیانو وەك (فَضْلٍ) لێکی داوەتەوە.

لەوە تێدەگەین کە قورئان چەندە گرینگی داوە بە هەستو سۆزی نیشتیمان پەروەری، بۆیە ئەو دەمەی موسڵمان هەستو سۆزی نیشتمان پەروەری لاواز بێ هێز بێت ئیسلام مەحکومی دەکاتو بەمردوو تاوانباری دەزانێت وە هیچ کاتێك نیشتمان پەروەری دژ ناوەستێ لەگەڵ ئیمانو بڕوا، مادام کەسەکە ئەم هەستەی بە بەشێك لەئیمانەکەی دەزانێت.

وەك چۆن خەمی نیشتمانەکەیەتی ئاواش خەمی دینو ئاینەکەی دەخوات، خوای گەورە دەفەرمووێ: (قُلْ إِن كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُوا حَتَّىٰ يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ).

لەو ئایەتەدا خوای گەورە وشەی (أَحَبَّ)ی بەکارهێناوە، کەواتە خۆشەویستی چەندەها شێوەو جۆر لەخۆ دەگرێ یەکێ لە شێوەکانی خۆشەویستی نیشتمانە، لەم چەند ئایەتانە تێدەگەین، کە حاڵەتی نیشتمان پەروەری چ پانتاییەکی داگیر کردووە لەئاینی پیرۆزی ئیسلام وە بەچ شێوەیەك خوای گەورە هانی مرۆڤ دەدات ئەو شوێنەمان خۆشبوێت، کە لەسەری لەدایك بووین.



# سوودەکانی زیکر کردن

**وەرگێڕانی: ئەدیب نەجمەدین قەرەداغی**

زیکرکردن نزیکەی (سەد) سوودی هەیە، لەوانە:

١- شەیتان ڕاودەنێتو، تووڕەو دڵشکاوی دەکات.
٢- خوای پەروەردگار ڕازیی دەکات.
٣- خەمو دڵتەنگی لەدڵو دەروون دەرەوێنێتەوە.
٤- دڵخۆشیو ئاسوودەیی بەدڵ دەبەخشێت.
٥- دڵو لەش بەهێز دەکات.
٦- دەمو چاوو جەستە نوورانی دەکات.
٧- ڕۆزی زیاد دەکات.
٨- هەیبەتو جوانیو شیرینی بەزیکرخوێن دەبەخشێت.
٩- خۆشەویستی کە گیانی ئیسلامە، پێی دەبەخشێت.
١٠- هەستی چاودێریی پێ دەبەخشێت، تاکو دەیخاتە ناو بازنەی ئیحسانەوە.
١١- تەوبەی پێ دەبەخشێ، کە بریتییە لەگەڕانەوە بۆ لای پەروەردگار.
١٢- نزیکیی خوای میهرەبانی پێ دەبەخشێت.
١٣- دەرگایەکی گەورەی لەدەرگاکانی (معریفە)ی پێ دەبەخشێت.
١٤- هەیبەتی خوا لەدڵیدا زۆردەکات.
١٥- خوا یادی دەکاتەوە، هەروەکو دەفەرموێت: فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ، (البقرە: ١٥٢). واتە: (یادم بکەنەوە، یادتان دەکەمەوە).
١٦- ژیانەوەی دڵی پێ دەبەخشێت.
١٧- خۆراکی دڵو گیانە.
١٨- دڵ لە ژەنگ پاك دەکاتەوە.
١٩- گوناهو تاوان هەڵدەوەرێنێت، کە ئەمەش گەورەترین چاکەیەو، چاکەکانیش تاوانەکان دەسڕێتەوە.
٢٠- دووریو بێ ئاشنایی (وەحشەت) لەنێوان پەروەردگارو بەندەدا دەرەوێنێتەوە.
٢١- ئەوەی یادی خوا بکات بەگەورەییو تەسبیحاتو سوپاسگوزاری، خوای پەروەردگار بەهۆی ئەو زیکرەوە لەکاتی تەنگانەو ناخۆشیدا فریای دەکەوێتو بەهانایەوە دەچێت.
٢٢- ئەو بەندەیەی کە بەهۆی زیکرەوە لەکاتی خۆشیدا پەروەردگاری دەناسێ، پەروەردگار لەکاتی نارەحەتیی بەندەکەیدا یادی دەکەوێتەوەو دەیناسێت.
٢٣- دەبێتە هۆی ڕزگاربوونی لەسزای خوایی.
٢٤- هۆی دڵ ئارامیو بارینی سۆزی خوای گەورەو، دەورەدانی فریشتەیە بۆ زیکرخوێن.
٢٥- هۆی دوورکەوتنەوەی زمانە لەغەیبەتو دووزمانیو درۆو جنێوو خراپە.
٢٦- کۆڕی زیکرخوێن، کۆڕی فریشتەیە، کۆڕی گاڵتەو گەپو گوناهیش، کۆڕی شەیتانە.
٢٧- بەندە لە ئاهو پەشیمانیی قیامەت دەپارێزێ.
٢٨- خەریك بوون بە زیکرەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە خوای باڵادەست لەوە باشتری پێ ببەخشێت کە بەخشیویەتی بەداواکاران.
٢٩- ساناترین پەرستشەو گەورەترینیانە.
٣٠- ئەو خێرو پاداشتانەی بۆ زیکر هەیە، بۆ هیچ کارێکی تر نییە.
٣١- بەردەوام بوونی بەندە لەسەر زیکر، دەبێتە هۆی ئەوەی کە خوای میهرەبان ئەو بەندەیە لەسۆزی خۆی لەبیر نەکات، کە لەبیرکردنی خوا، هۆی نەگبەتیی بەندەیە لەدنیاو قیامەتدا.
٣٢- هیچ کردەوەیەکی تر نییە بەوێنەی زیکر گشتگیر بێت لەکاتو شوێندا.
٣٣- زیکر نوورە لەدنیادا، نوورە لەگۆڕدا، نوورە لەقیامەتدا، لەنێو دەستەکانیدا لەسەر پردی سیرات دەدرەوشێتەوە.
٣٤- زیکر پێشەنگی کارەکانە، هەرکەسێك ئەو دەرگایەی بۆ بکرێتەوە، دەرگای ناسینی خوای پەروەردگاری لەسەر دەکرێتەوە.
٣٥- دڵ پێویستی و بۆشایی زۆری تێدایە، هیچ شتێك تێرو پڕی ناکاتەوە، تەنها یادی خوا نەبێت.
٣٦- ئەم شاکارە مەزنە، کۆمەڵ پەرتەوازە دەکاتو، پەرتەوازە کۆمەڵ دەکات، دووریش نزیك دەکاتەوەو، نزیکیش دوور دەخاتەوە. دڵو دەروونو ویستو بڕیارەکانی بەندە کۆدەکاتەوە، ئەو دڵگرانی جیەشی بە لەدەست چوونی ئاواتەکانییەوە کۆبوونەتەوە، پەرتەوازە دەکاتو دەیتارێنێ.
گوناهو تاوانو سەرپێچییەکانیش لەناو دەباتو، بەهەمان شێوەش دەستو پێوەندەکانی شەیتان کە کۆبوونەتەوە بۆ دژایەتی کردنی بەندە، لەباردەبات.
هەروەها نزیك کردنەوەی دووریش بریتییە لە: نزیك کردنەوەی ڕۆژی دوایی، دوورخستنەوەی نزیکیش بریتییە لە: دنیا.
٣٧- زیکر، دڵ لە خەو بەئاگا دەهێنێتەوەو، لەوەنوزیش ڕایدەپەڕێنێ.
٣٨- ئەم پەرستشە، درەختێکە کە ناسینی خواو ئەو حاڵانە بەرهەم دەهێنێت کە بۆ خوا سوڵحاوان قۆڵی مەردایەتییان لێ هەڵماڵیوە.
٣٩- بەندە بەزیکر لەخواوە نزیك دەبێتەوەو، یاوەری دەبێت، ئەم یاوەری بوونەش تایبەتە بە زیکرخوێنەوەو، جیاوازە لە یاوەریی گشتگیریی خوا، چونکە ئەم یاوەرییە: نزیکییە، سەرپەرشتییە، خۆشەویستی چییە، یارمەتی دانە، ڕێسازییە.
٤٠- یادی خوا بەرامبەرە بە ئازادکردنی بەندە، بەبەخشینی ماڵ، بە جیهادکردن لەڕێگای خوادا.
٤١- یادی خوا سەرمەشقی شوکرە، ئەوەی یادی خوای نەکردبێت، مانای وایە شوکری خوای نەکردووە.
٤٢- بەڕێزترین دروستکراوی بەدیهێنەر ئەو کەسانەن کە هەمیشە زمانیان بە یادی خوا پاراوە.
٤٣- لەدڵدا ڕەشیو بێزاری یەك هەیە، تەنها زیکر دەتوانێت لای ببات.
٤٤- زیکر، شیفاو دەرمانی دڵە، بێ ئاگاییش لێی نەخۆشییە.
٤٥- زیکر، مانای دۆستایەتیی خوایە، نەکردنیشی مانای دژایەتییەتی.
٤٦- دەبێتە هۆی ڕژاندنی نازو نیعمەتو، لابردنی بەڵاو نیقمەت.
٤٧- دەبێتە هۆی بارینی دروودی خواو فریشتەکان بۆ سەر کەسی زیکرخوێن.
٤٨- هەر کەسێك دەیەوێت لە باخێکی بەهەشتی دنیادا بسرەوێت، با لەکۆڕی زیکرخوێناندا دابنیشێت، چونکە ئەوە باخی بەهەشتە.
٤٩- کۆڕی زیکر، کۆڕی فریشتەکانەو تەنها ئەوانی تێدان.
٥٠- خواو فریشتەکان شانازی بەزیکرخوێنەکانەوە دەکەن.
٥١- ئەم پەرستشە جێگەی زۆر لەسوننەتەکان دەگرێتەوە، ئەگەرچی ئەو سوننەتانە بەجەستە بکرێن، یان بەماڵ، یان بە هەردووکیان.
٥٢- یادی خوا گەورەترین یارمەتی دەرە بۆ بەندایەتیو پەرستشکردن، عیبادەت خۆشەویستو ئاسان دەکاتو تامی بەندایەتی کردنی پێ دەچێژێو دڵ ئارامی دەکات.
٥٣- ترسو بیم بەتەواوی دەرەوێنێتەوەو، بەتەواوی ئاسوودەی دەکات.
٥٤- هێز بەزیکرخوێن دەبەخشێت. تاوەهای لێ دەکات ئەو کارەی لەگەڵ زیکردا بۆی دەکرێت، بەبێ زیکر بۆی ناکرێت.
٥٥- زیکرخوێنان سەرقافڵەی مەشقدارانی قیامەتن.
٥٦- ئەم شاکارە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ئیمان، هەرکەسێکیش باوەڕی بەهێز بێت، ئومێد وایە لەقیامەتدا لەگەڵ ڕاستگۆیاندا حەشر بکرێت.
٥٧- چواردەوری بەهەشت بە زیکر بیناکراوە، ئەگەر زیکرخوێن لە زیکر ڕابوەستێت، فریشتەکانیش لە بیناکردن ڕادەوەستن.
٥٨- زیکر دەبێتە بەربەست لەنێوان بەندەو دۆزەخدا.
٥٩- قورس سووك دەکاتو، نارەحەت ئاسان دەکات، گرانیش خۆش دەکات.
٦٠- فریشتەکان هەروەك داوای لێ خۆشبوون بۆ تۆبەکار دەکەن، بۆ زیکرخوێنیشی دەکەن.
٦١- چیاو دەشتەکان شانازی بە زیکرخوێنەوە دەکەنو، مژدەی خۆشیی پێ دەدەن.
٦٢- زۆر زیکرکردن دەبێتە هۆی ڕزگاربوون لەدووڕوویی.
٦٣- بۆ ئەم یادە پیرۆزە، تامو چێژێکی بێ وێنە هەیە.
٦٤- بەردەوام بوون لەسەر ئەم پەرستشە مەزنە لەڕێگاوبانو ماڵو دەشتدا، دەبێتە هۆی شاهیدی دان لەقیامەتدا لەسەر کاکی زیکرخوێن، چونکە ئەم زەوییە گەواهی دەدات لەسەری لەڕۆژی دواییدا.




# ئارامیی دڵ

ئێمەی مرۆڤ لە دوو بەشی سەرەکی پێك هاتووین:
١- لایەنی جەستە
٢- لایەنی روح

بۆ گەشەکردنی لایەنی جەستە پێوستمان بە ژەمە خۆراکی باشو وەرزش هەیە بۆ ئەوەی هەمیشە جەستەیەکی باشو پتەوو بەهێزمان هەبێ پێوستە هەمیشە خۆراکی باش کە: ڤیتامینات، کاربۆهیدرات...، جەندەها ماددەی سودد بەخشی تیا بێ بیخۆین، لەگەڵ وەرزشی بەرداوام.

بە کورتی ئەمانە خۆراکی جەستەن..

دیارە چۆن جەستە پێویستی بەخۆراك هەیە بەهەمان شێوە (روح)یش پێویستی بەخۆراك هەیە، بەڵام خۆراکی ڕۆح جیاوازە وەك خۆراکی جەستە نییە، لەبازار دەست ناکەوێ، شتێك نییە تا بچین لەبازاڕ بیکڕینو ڕۆحمانی پی تێر بکەین..!! سەرەکی ترین خۆراکی روح (بەختەوەری)یە. بەختەوەری چەمکێکە ئەگەر تەواوی دنیا بدەی بۆ بەدەستهێنانی هەوڵەکەت بێ سودە! چونکە کاڵایەك نییە تا بچی لەبازاڕ بیکڕیو ڕۆحتی پێ تێر بکەی! ئەشێ فاکتەرەکانی دنیا تاڕادەیەك روحت تێر بکەن، وەك سەروەتو ماڵی دنیا، کورسیو دەسەڵات، گەڕانو سەردانو سەیران.. چی ئەگەر ئەمانە بەشێکن لە بەدەست هێنانی بەختەوەری، بەڵام تەنها کاتین بۆ هەمیشە روح تێر ناکەن، جونکە بەپێی بیردۆزی (نیسبی) هەموو شتەکان کاتین.

بۆ نمونە: کاتێك ئەتەوێ بەختەوەری بەدەست بێنی ئەچیتە دەرەوە یان ئەچی بۆ سەیران، بەڵام تا ماوەیەك بەختەوەری، دوای ئەوە خۆت لێی بێزار ئەبی.

کاتێك ئاواتت ئەوەیە ماڵێکی باش یان ئۆتۆمبیلێکی باش بکڕی، کە پێی گەیستی پاش ماوەیەك تاقەتت لێی ئەچێو لێی بێزار ئەبی! چونکە سیفەتی مرۆڤ وایە زوو لەفاکتەرەکانی دنیا بێزارە بێ هەموو شتەکان (نیسبی)ین بۆ هەمیشە ئەسبابەکانی دنیا ڕۆحمان تێر ناکەن. ئەی ئایا بازاڕی بەختەوەری لەکوێیە؟ تا بچین بیکڕینو ڕۆحمانی پێ تێر بکەین؟!!

پێویستە هەمیشە هیوایەتەکانمان هیوایەتی درێژ خایەن بن نەك کورت خایەن.

هیوایەتی کورت خایەن ئەوە بوو کە لەسەرەوە باسم کرد، کە لەژیانا خۆی ئەبینەتەوەو پاش ماوەیەك لێیان بێزار ئەبین.

بەڵام هیوایەتی درێژخایەن ئەوەیە بەشتێك بەختەور بی کە کۆتایی نەبێو لێی بێزار نەبی! ئەوەش (ئیمان)ە کەواتە ئەبێ بچین لەبازاڕی (ئیمان) بەختەوەری بکڕین. تەنهاو تەنها لەو بازاڕە (ئیمان) بەختەوەری هەمیشیی دەست ئەکەوێت..!

## نوێنەری یەکێتی زانایان بەشداری سمینارێکی ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەتان دەکات

لەپەیوەندیەکانی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بەڕێز مامۆستا مەلا دڵشاد گەلاڵی، بەشداری لەسمینارێکی ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەتاندا کرد، کە لەهۆتێلی چوارچرا، لەهەولێری پایتەخت بەڕێوەچوو.

ئەمەو لەسمینارەکە کەتایبەت بوو بەهەوڵدان بۆ کەمکردنەوەو نەهێشتنی توندوتیژی بەرامبەر بەئافرەتان، تاوتوێی چەند پرسێکی پەیوەست بەم بابەتەوە کرا، کە نوێنەری چەندین ڕێکخراوی بیانی -ئەوروپیو عەرەبی- ئامادەی بوون.

شایانی باسە لەوتەیەکیدا بەڕێز مامۆستا مەلا دڵشاد، وێڕای دەستخۆشی لە هەر هەوڵێکی نەهێشتنی توندوتیژی، بەناوی یەکێتی زانایانەوە، تەواوی پشتیوانیو هەماهەنگی بۆ ڕێکخراوی ناوبراوو هەوڵەکانیان دوپاتکردەوەو، جەختی لەوە کردەوە: کە گرنگە زیاتر پەرە بەم لایەنە بدرێتو، سودی زیاتریش لە دابو نەریتی گەلو وڵاتانی جیهانی وەربگیرێتو، تا دەکرێت خولی تایبەت بەم بابەتەو لەئاستی زانایانی ئایینی کوردستان بکرێتەوەو، گرنگی تایبەتیش بەقوتابخانە ئاینییەکان بدرێت.

## بۆ دووەم جار کەناڵی ئاسمانی سەحەر تەشهیر بە زانایانی ئایینی دەکاتو یەکێتی زانایانیش داوای یاسایی لەسەر تۆمار دەکات

لەبەرنامەکانی شەوی (٨-٢٠١١/٤/٩) بەشی کوردی کەناڵی ئاسمانی سەحەر ڕاپۆرتێکی لەسەر ڕەوشی زانایانی ئایینیو یەکێتی زانایان لەهەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە، تێیدا بەخراپترین شێوە وەسفی ڕەوشو گوزەرانی زانایانی ئایینی لەهەرێمی کوردستان دەکات.

هەروەها سوکایەتییەکی زۆری دەرهەق زانایانی ئایینی تێدا بوو، بەتایبەتی تەشهیرێکی زەقو ئاشکرای بە یەکێتی زانایان کردووە، وای پیشان دەدا، کە ڕێکخراوێکی بێ هەڵوێستەو، هەروەها تائێستاش هەر پاشکۆی حزبەکانەو یەکیان نەگرتۆتەوە، بەشێکیان سەر بەئیدارەی سلێمانیو بەشێکیشیان سەر بەئیدارەی هەولێرە.

ئەوە لەکاتێکدایە، کە یەکێتی زانایان یەکپارچەیەو، هەموو بڕیارەکانیش بەدەستەجەمعیو ئەوپەڕی هەماهەنگی دەردەکرێنو، ئێستا مامۆستایانی ئایینی شانازی بە هەڵوێستەکانی یەکێتی زانایان دەکەن.

دوای پەیوەندیکردن بەنووسینگەی هەولێری کەناڵەکە، پێیان ڕاگەیاندین، ئەو ڕاپۆرتە چەند ساڵێك بەر لە ئێستا بڵاوکراوەتەوە، کە ئەوکاتی یەکێتی زانایان یەکی نەگرتبووەوە، ئەوەش مانای وایە کەناڵی ئاسمانی سەحەر هیچ ڕێزێك لە بینەرانی خۆی نانێتو، ڕاپۆرتێکی چەند ساڵێك بەر لە ئێستا دەهێنێو جارێکی دیکە وەکو شتێکی نوێ پێیان دەفرۆشێتەوە، هەروەها تەشهیرە بەو کەسانەی بەشداری ڕاپۆرتەکەشیان کردووە، وەك مامۆستا مەلا سەید ئەحمەد بەرزنجیو دکتۆر سەباح بەرزنجیو کەسانی دیکە، کە لەناو ڕاپۆرتەکە دیمانەیان لەگەڵ کرا.

جێی باسە ئەوە دووەم جارە کەناڵی ئاسمانی سەحەر بەنیازی بڵاوکردنەوەی ڕقو کینەو دووبەرەکی نانەوە لەهەرێمی کوردستان ئەو ڕاپۆرتە بڵاودەکاتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی جاری یەکەم ئەو کەناڵە لەلایەن ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایانەوە ئاگادار کرایەوە، کەچی هەر دووبارەیان کردەوە، کە ئەوەش بووە مایەی نیگەرانی ژمارەیەکی زۆری مامۆستایانی ئایینی، کە شەوی ڕابردوو پەیوەندییان بە یەکێتی زانایانەوە کردووە، بۆیە وەك مافێکی خۆیان داوای یاسایی لەسەر کەناڵەکە تۆمار دەکەن.

## لقی هەولێری یەکێتی زانایان کۆبوونەوەی فراوانی مانگانەی خۆی سازکرد

**ڕاگەیاندنی لق/** بەسەرپەرشتی بەڕێز شێخ نیاز دێگەیی بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، کاتژمێر(٢)ی دوای نیوەڕۆی ٢٠١١/٤/٦ بە ئامادەبوونی کارگێڕو ئەندامانی لقو بەرپرسانی ناوچەکانی سەر بە لقی هەولێر، کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بەست.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بەچەند ئایەتێك لەقورئانی پیرۆز دەستی پێکرد، پاشان بەڕێز بەرپرسی لق لەوتەیەکیدا تیشکی خستە سەر دواپێشهاتەکانی ئەم دواییەی کوردستانو، جەختی کردەوە لەسەر زەرورەتی یەکریزی مامۆستایانی ئایینیو، نیگەرانی خۆی دەربڕی لەبوونی هەر شێوازێکی لەتبوونی ڕیزەکانی مامۆستایانی ئایینی.

شایانی باسە هەر لەکۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا، کە لەمەودوا ستافی لق لەڕێگای ناوچەکانەوە کۆبوونەوە لەگەڵ گشت مامۆستایانی سەر بە یەکێتی زانایان بکات، بۆ ئەوەی یەك هەڵوێستی لەنێوان مامۆستایانی ئایینی مسۆگەر بکاتو ڕیزەکانی یەکێتی زانایان توندوتۆڵتر بکرێت، بەتایبەتی لەم بارودۆخەی ئێستادا.

## لقی ڕانیەی یەکێتی زانایان دەستخۆشی لەهەڵوێستی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان دەکات

لەپەیامێکدا کە ئاڕاستەی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستانیان کردووە، ڕۆژی ٢٠١١/٤/٥ لقی ڕانیەی یەکێتی زانایان، هەڵوێستی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان لە ئاست گرتنی وتاربێژانو سوکایەتی نواندن بەرامبەر بە زانایان بەرز دەنرخێننو، وێڕای دەستخۆشیو پاڵپشتیان بۆ سەرۆکایەتی یەکێتی زانایانو مەکتەبی تەنفیزی، هەوڵەکانیان بۆ بەدواداچوونی کێشەی زانایان لەسەرتاسەری کوردستان بە جومێرانەو بوێرانە ناو دەبات.

ئەمەی خوارەوە دەقی پەیامەکەیە:

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بۆ بەڕێز مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان:**

السلام علیکم ورحمە الله وبرکاتە

ئێمە وەك لقی ڕانیەی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، پاڵپشتی لە بڕیارو ڕاگەیاندنی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان دەکەین، بەو هەڵوێستە جوانەو بوێرانەی کە هەتانە بەرامبەر ئەو گرتنو بردنو لادانی زانایانی ئایینیو، دوورخستنەوەیان لە وتاربێژیو، سوکایەتی نواندن لەئاستیان، کە چەند وەختێکە لێرەو لەوێ دەستی پێکردووە، ئێمە لە کاتێکدا کە هیوامان وایە کە ئەم کارانە بن بڕبکرێنو دووبارە نەبنەوە، لەهەمان کات دڵخۆشین کە دەبینین یەکێتی زانایان بە ئەرکی خۆی هەڵدەستێو، داکۆکی دەکات لەسەر ئازادی ڕادەربڕینی وتاربێژانو، وابەستە نەبوونیان بە کۆتو بەندی هیچ لایەنێکەوە.

خوای گەورە سەرکەوتووتان بکات

**لقی ڕانیەی یەکێتی زانایان**

**٢٠١١/٤/٥**

## لقی گەرمیانی یەکێتی زانایان کۆبوونەوەی فراوانی مانگانەی خۆی ئەنجام دەدات



**ڕاگەیاندنی لق:** ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠١١/٤/٧، لەبارەگای لقو بەسەرپەرشتی لێپرسراوی لقو بەئامادەبونی جێگرو کارگێڕانی لقو بەرپرسی لێژنە ناوچەکان، لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان کۆبوونەوەی ئاسایی فراوانی مانگانەی خۆی ئەنجامدا.

ئەمەو لەکۆبوونەوەکەدا بەوردی تیشك خرایە سەر ڕەوشی ئەمڕۆی کوردستانو ناوچەکە بەگشتیو، کارو چالاکیو هەنگاوەکانی یەکێتی زانایان بەتایبەتیو ڕۆڵو ئەرکی زانایانی ئاینی لەم قۆناغەدا.

پاشان بەرپرسی لێژنە ناوچەکان ڕاپۆرتی کاری خۆیان خستەڕوو، و هەڵسەنگاندن بۆ کارو چالاکییەکانیان کراو بەوردی تاوتوێی داواکاریو پێشنیارەکانیان کرا.

## لەزنجیرە چالاکییەکدا: لقی ڕانیەی یەکێتی زانایان کۆبوونەوەی مانگانەی خۆی سازدەکاتو، ئامادەی چەند پرسەیەك دەبێتو سەردانی گوندی (توەسۆران) دەکات

**ڕاگەیاندنی لق/** لەبەرواری ٢٠١١/٣/٢٦ لقی ڕانیەی یەکێتی زانایان، بەئامادەبوونی بەڕێزان بەرپرسی لقو کارگێڕانو بەرپرسی ناوچەکان، کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی سازدا.

شایەنی باسە لەکۆبوونەوەکەدا، کە لە گەشتێکی بەهاری بۆ (دۆڵی شاورێ) بەڕێوەچوو، بەڕێز بەرپرسی لق بەتێروتەسەلی باسی ڕەوشی ئەم ڕۆی کوردستانی کردو، دەستخۆشی لەزانایان کرد، کە دەورێکی باڵایان هەبووە لەهێور کردنەوەی ناوچەکە، دواتر باسی ئەو چاوپێکەوتنەی کرد کە لەگەڵ سەرۆکی هەرێم ئەنجامدرابوو، بۆ پێداویستیو کەموکوڕی دەڤەرەکەمان.

دواتر بەڕێزان بەرپرسی ناوچەکان ڕاپۆرتی مانگانەی خۆیان خوێندەوە، پاشتر کۆبوونەوەکە بەسەرکەوتویی کۆتایی پێهات.

هەر هەمان ڕۆژ تێکڕای ستافی لقمان بەشداری کرد لەپرسەی نەنکی مامۆستا مەلا ڕەوەند لە (بانوە قەل)و، پرسەیەکی تر لە سەنگەسەر.

دواتر لەبەرواری ٢٠١١/٤/٩ شاندێکی لقمان، بەسەرپەرشتی بەرپرسی لق بەڕێز مامۆستا مەلا عبداللە ی زەنگڵ، سەردانی بەڕێز (مامۆستا مەلا ئیسماعیل)ی کرد لەگوندی (توەسۆران).

## لقی هەولێری یەکێتی زانایان بەشداری مەراسیمی کردنەوەی مزگەوتێك دەکات

ڕۆژی ٢٠١١/٤/١٤ بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایان بەڕێز شێخ نیاز دێگەیی بەیاوەری بەرپرسو کارگێڕانی ناوچەی چواری هەولێرو بەرپرسی ناوچەی بەڕانەتی یەکێتیەکەمان بەشداریان کرد لەمەراسیمی کردنەوەی مزگەوتی (حاجی حسێن قەساب) لەگەڕەکی سایلۆی شاری هەولێر، کە تێیدا نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێرو ڕاوێژکاری یەکەمی وەزارەتی ئەوقافو جێگری بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێرو ژمارەیەکی بەرچاو لەزانایانی ئایینیو ریش سپیو پیاو ماقولانی شاری هەولێرو دانیشتوانی گەڕەکی سایلۆ ئامادەیی بوون.

سەرەتا بەرپرسی لقی هەولێر لەوتەیەکیدا وێڕای پیرۆزبایی کردن لە خەڵکی ناوچەکە، تیشکی خستە سەر ڕۆڵی مزگەوت لەژیانی موسڵمانانو کۆمەڵگەی کوردیدا، هیواشی خواست مزگەوتەکەیان بەخواپەرستیو بەردەوام بوون لەسەر پەیامی مزگەوت ئاوەدان بکەنەوە.

## لقی سۆران زانایان پێشوازی لەبەڕێوەبەری قوتابخانە ئاینیەکانی کوردستان دەکات

**مەلا رسول سیتکانی- ڕاگەیاندنی لق/** بەڕێز مەلا سەدیق یاسین بەڕێوەبەری قوتابخانە ئاینییەکانی کوردستانو شاندێکی یاوەری کە پێکهاتبوون لەسەرپەرشتیارانی قوتابخانە ئاینیەکان، بەیاوەری مەلا پێشەوا مەلا سەعید بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئیبن وئادەمی ئیسلامی لەسۆران پێش نیوەڕۆی ٢٠١١/٤/٦ سەردانی لقی سۆرانی یەکێتی زانایانیان کردو لەلایەن بەرپرسی لق بەڕێز مەلا خالد مەلەکیو ئەندامانی لق بەگەرمی پێشوازیان لێکرا.

لەدانیشتنێکدا باس لەچۆنیەتیو شێوازی میتۆدی قوتابخانە ئاینییەکانو بەرەوپێش بردنی ڕەوشی ئاینی لەکوردستان کراو. جەخت لەسەر ئەوە کرا کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر بایەخ بەبواری مەنهەجی هاوچەرخی ئاینی لەکوردستان بداتو خزمەتی زیاتری قوتابیانی ئاینی بکات.

هەروەها ڕۆڵی قوتابخانە ئاینیەکانو حوجرەکانی کوردستان بەبایەخەوە باسیی لێوە کرا لەخزمەتکردنی بواری ئاینیو نیشتمانی لەکوردستان.

تەوەرێکی تری دانیشتنەکە باس کردن بوو لەبارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان کە هەردوولا هیوای ئارامیو سەقامگیریان بۆ شەقامی کوردی خواست.

## لقی موسڵی یەکێتی زانایان چەند چالاکییەك ئەنجام دەدات

یەکەم: ل روژی پینج شەمبی ڕێکەوتی ٢٠١١/٤/٧ بەرپرسی لق (شیخ محمد) کومبینەك سازدرا ل گەل ئەندامانی لقو ئەندامانی ناوچەی بەعشیقە. لەو کومبینەدا باسی ئەو بارودوخەی ئیستا لەهەرێمی کوردستان ڕوودواە کرا. وە باسی رولو هەستی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان کرا بەرامبەر ئەو رووداوانە، وە ئاشکرا کرا کو ماموستایانی ئاینی لەکوردستان بەردەوام هەموو جاران لەخزمەتی دینی ئیسلام دابونەو بەرگری لە ماموستایان کرایەوە خەمخووری ملەتی کورد بوونە.

دووەم: لەمانگی (سێ) دوو کێشەی میرات هاتە چارەسەرکرن لەبارەگایی لق.

سێیەم: لەمانگی (سێ) لقی ئێمە سەرەدانی چەند ماموستاو پیاو ماقویلان کرا لەدەڤەری بەعشیقە.

چوارەم: لەمانگی (سێ) ئەندامانی لق بەشداربوون لە(دو) سولحان لەدەڤەری بەعشیقە.

## لقی هەولێری یەکێتی زانایان بەشداری دوو پرسە دەکاتو پرسەنامەیەکیش ئاڕاستەی خانەوادەی مامۆستا مەلا ناسیح دەکات

ڕۆژی یەکشەممە ٢٠١١/٤/١٧ شاندێکی لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، بەسەرپەرشتی بەڕێز شێخ نیاز دێگەیی بەرپرسی لقو، بەیاوەری بەڕێز مامۆستا مەلا ئوسامە عەبدولواحید ئەندامی لقو، بەڕێزان زانایانی کارگێڕو بەرپرسانی لقی هەولێر، بەشداری کرد لەپرسەی مامۆستای خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا ناسیح لەکۆمەڵگای شاوێس.

هەر هەمان ڕۆژ شاندەکە بەشداریان کرد لە پرسەی کاك ڕێبوار، کە دەکاتە برای مامۆستا مەلا صدرالدین بالیسانیو، هاوخەمی خۆیان دەربڕی.

ئەمەو هەر بەم بۆنەیەوە، لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان پرسەنامەیەکی ئاراستەی بنەماڵەی مامۆستا مەلا ناسیح کرد، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بۆ بنەماڵەی مامۆستای خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا ناصح**

بەڕازی بوون بەفەرمانی خوای گەورە، وێڕای خەمو پەژارەمان، هەواڵی کۆچی مامۆستا مەلا (ناسیح)مان بیست. مامۆستای خوالێخۆشبوو تەمەنێکی پڕ خێرو بەرەکەتو خزمەتکردن بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامی بەڕێکرد، بۆیە ئەم کۆچە نەك خەسارەت بوو بۆ بنەماڵەکەتان بەڵکو خەسارەت بوو بۆ گشت گەلی کوردو ناوچەکە، هیوادارین خوای گەورە سەبووری هەموو لایەکمان بداتو، مامۆستای کۆچ کردووش بە بەهەشتی فیردەوس شاد بکات..

(انا للە وانا الیە راجعون)

**لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**

**٢٠١١/٤/١٧**

## لقی گەرمیان گەشتێکی بەهارە بۆ زانایانی ئاینی سنورەکە سازدەکات

**دانا مەلا حەمەئەمین- گەرمیان/** ئاماژە بەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی لق، ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١١/٤/٢٠ لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، گەشتێکی بەهارەی بۆ سەرجەم مامۆستایانی ئاینی سنوری ناوچەکانی کەلارو کفریو دەربەندیخانو خانەقین ڕێکخست، کە زیاتر لە ١٢٠ سەدو بیست مامۆستا ئامادەی بوون، بۆ هاوینەهەواری قەرەداغ، سەرەتا مامۆستایانی ئاینی لقی گەرمیان، لەناحیەی سێوسێنان مەزاری پیرۆزی شەهیدانی کیمابارانی سێوسێنانیان بەسەرکردەوەو فاتیحایان بۆ ڕۆحی پاکی شەهیدان حوێندو، پاشان بڕگەکانی گەشتەکەیان دەستپێکرد، لەو بارەیەوە بەڕێز مامۆستا مەلا حەمەئەمین کەلاری ئەندامی مەکتەبی تەنفیزیو لێپرسراوی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایان بەسایتی (زانایان)ی ڕاگەیاندو گوتی "هەروەکو لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی فراوانی لقدا بڕیارمان لێدابوو و لەسەر داواکاری ناوچەکانی سنوری لقمان هەستاین بە بانگهێشت کردنی تەواوی زانایانی ئاینی سنوری لقمان بۆ ئەنجامدانی گەشتێکی بەهارەو سوپاس بۆ خوا سەیرانو گەشتێکی بەهارەی خۆشو دڵگیرمان بەبێ هیچ کەموکورییەك ئەنجامدا".

شایانی ئاماژە پێدانە مامۆستایانی ئاینیش دەستخۆشانەو سوپاسگوزاری خۆیان بۆ لقەکەیان دەربڕی بەرامبەر بەو کارە جوانە.

## ناوچەی سەفینی لقی هەولێری یەکێتی زانایان سەردانی مامۆستایانی ناوچەکە دەکەن

لەڕۆژانی ١و ٢٠١١/٤/٢ بەمەبەستی زیاتر پتەوکردنی پەیوەندییەکانو بەسەرکردنەوەو ئاگاداری لەڕەوشی مامۆستایانی ئایینی، بەرپرسو کارگێڕانی ناوچەی سەفین لەسنوری لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، سەردانی مامۆستایانی ئایینی ناوچەکە لەگوندەکانی کۆلەكو سیێبەردان کرد.

ئەمەو لەتێکڕای دانیشتنەکاندا، وێڕای قسەکردن لەسەر باروگوزەرانی مامۆستایان، باسی توندوتۆڵکردنی پەیوەندی نێوان مامۆستایانو، یەکێتی زانایانو چارەسەرکردنی کێشەکانیان تەوەرەیەکی تری گفتوگۆی نێوانیان بوو.

## لقی سۆران ئامادەی مەراسیمێکی خەڵات بەخشینی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سۆران دەبێت



**مەلارسول سیتکانی- ڕاگەیاندنی لق/** پێش نیوەڕۆی ٢٠١١/٤/١٤ ستافی لقی سۆرانی یەکێتی زانایان بەسەرپەرشتی بەڕێز مامۆستا مەلا خالد مەلەکی بەرپرسی لق ئامادەی ڕێوڕەسمێکی خەڵات بەخشین بوو، کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سۆران بەبۆنەی ڕۆژی ژینگە پارێزی بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە چالاکن لەپاكو خاوێن ڕاگرتنی مزگەوتەکانیان ڕێکیخستبوو.

کە تیایدا بە ئامادەبوونی قایمقامی سۆرانو نوێنەرانی دامودەزگا حکومییەکانو مامۆستایانی ئاینی بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆران بەڕێز مەلا وەیسی مەلا سەعید لەو زنجیرە چالاکیانەی ناوە ناوە ئەنجامیان دەدات بۆ زیاتر هاندانی فەرمانبەرانو زیاتر پاكو خاوێن ڕاگرتنی مزگەوتەکانی سنوری بەڕێوەبەرایەتیەکەی خەڵاتی بەسەر زیاتر لە پەنجا باشترین خزمەتگوزارەکانی سنورەکەی دابەشکردو، چەند خەڵاتێکیش لەلایەن بەرپرسو ئەندامانی لقەکەمان بەسەر ئامادەبووان دەبەشکران، کە بووە مایەی خۆشحاڵیو ڕێزلێنانی فەرمانبەرەکانو هەر لەڕێوڕەسمەکەشدا بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆران بڕیاریدا ڕۆژی ٤/١٥ هەینی بکرێتە ڕۆژی هەڵمەتی پاككرنەوەی سەرجەم مزگەوتەکانی سنوری بەڕێوەبەرایەتییەکەی.

## لقی گەرمیان سەردانی ماmۆستا مەلا ئەحمەدی بەردەسور دەکات



**دانا مەلا حەمەئەمین- گەرمیان**/ سەر لەئێوارەی ڕۆژی ٢٠١١/٤/٨ شاندێکی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، کە پێکهاتبوو لەبەڕێزان: ماmۆستا مەلا حەمەئەمین کەلاری ئەندامی مەکتەبی تەنفیزیو لێپرساوی لقی گەرمیانو، ماmۆستا مەلا ئیدریس ژاڵەییو، ماmۆستا مەلا عومەر فارسو، ماmۆستا مەلا موحەممەد مەلا حەمەئەمین، کارگێڕانی لق. سەردانی ماmۆستا مەلا ئەحمەدی بەردەسوری ئەندامی لێژنەی فەتوای لقی گەرمیانیان کرد، بەمەبەستی بەخێرهێنانەوەی بەڕێزیان لەسەفەری زیارەتی ماڵی خوا.

لای خۆیەوە ماmۆستای ناوبراو، خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ سەردانی شاندی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایان.

## لقی پشدەر سەردانی کتێبخانەی گشتی قەڵادزێ دەکات

**ڕاگەیاندنی لق**/ ڕۆژی ٤/١٧ شاندێکی لقەکەمان کە پێکهاتبوو لە لێپرساوی لق ماmۆستا مەلا أحمدی خانقاو ماmۆستا مەلا أحمدی شیوەڕەزی کارگێری لقو ماmۆستا مەلا سید عبدالرحمن کارگێڕی لقو ماmۆستا مەلا علی هێرۆیی کارگێڕی ناوچەی قەڵادزێ، سەردنی کتێبخانەی گشتی قەڵادزێی کردو پیرۆزبایی بینایەی تازەیان لێکردنو نزیکەی ٢٦ دانە کتێبو گۆڤارو ڕۆژنامەیان بەهەدیە پێشکەش بەو کتێبخانەیە کرد وەکو دیاری لق. وەهەموو بەشەکانی کتێبخانەکەیان بەسەرکردەوەو دەستخۆشیان لێکردن بۆ ئەو کارە خزمەتگوزاریەی پڕ لەعیلمو مەعریفەتە.

لەلایەکی ترەوە لێپرساوی کتێبخانەو کارگێڕان خۆشحاڵی زۆری خۆیان دەبڕی بۆ ئەو سەردانەو داوایان کرد کە پەیوەندی گەرموگوڕی نێوان ئەوانو زانایان بەردەوام بێتو بەئامۆژگاریەکانیان زیاتر دەوڵەمەندیان بکەین.

## لەڕۆژی ژینگەدا ئەوقافی سۆران هەڵمەتێکی پاککردنەوەی مزگەوتەکان ئەنجامدا

**ڕاگەیاندنی ئەوقافی سۆران**: بەبۆنەی ڕۆژی ژینگە، کە دەکاتە ڕۆژی ٢٠١١/٤/١٦ بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سۆران هەڵمەتێکی سەتاسەر بۆ پاککردنەوەی مزگەوتەکان ئەنجامدا.

لەو بارەیەوە وەیسی سەعید وەیسی، بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆران لەلێدوانێکیدا ڕایگەیاند، بووەتە بەرنامەیەکی ساڵانە لەڕۆژی ژینگەدا بەبەشداری سەرجەم خزمەتگوزارانی مزگەوتەکان هەڵمەتی پاكو خاوێنکردنەوەی مزگەوتەکان ئەنجام دەدەرێت.

ئەگەرچی مزگەوتەکان لەئاستێکی باش دان لەپاكو خاوێنی، بەڵام هەڵمەتەکە وەك فاکتەرێکە بۆ پاکبوونەوەی گشتی مزگەوتەکان، کە ئەمەش دەبێتە جێی خۆشحاڵی هاوڵاتییان.

جێگەی وتنە سەرجەم پێداویستییەکانی ئەو هەڵمەتە بۆ پاککردنەوەی مزگەوتەکانی سنورەکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سۆرانەوە ئامادەکرابوون، هەڵمەتەکە لەسەعات هەشتی بەیانی دەستی پێکردو تاوەکو ١١ی پێشنیوەڕۆ بەردەوامی هەبوو.

## شاندێکی لقی شەقڵاوەی یەکێتی زانایان بەجیا ناوچەی بالیسان بەسەردەکاتەوەو بەشداری پرسەیەك دەکات

**ڕاگەیاندنی لق**/ ڕۆژی ٢٠١١/٤/١٠ شاندێکی لقی شەقڵاوەی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، کە پێکهاتبو لەبەڕێزان ماmۆستا مەلا تەحسین خۆشناو بەرپرسی لقو، هەریەك لە ماmۆستا مەلا عوسمان لاسەییو، ماmۆستا مەلا سابیر دۆرەیی کارگێڕانی لقو، ماmۆستا مەلا سلێمان بەرپرسی ناوچەی شەقڵاوە، بەمەبەستی زیاتر ئاگاداربوون لە ڕەوشی زانایانی دۆڵی بالیسانو، گەیاندنی چەند پەیامو ڕێنماییێکی نوێی یەکێتی زانایان بەماmۆستایانی دەڤەرەکە، سەردانی ناوچەی بالیسانیان کردو، لەلایەن بەڕێزان بەرپرسو کارگێڕانی ناوچەکە، بەگەرمی پێشوازیان لێکرا.

هەر هەمان شاندو لەهەمان ڕۆژدا بەشداریان کرد لەپرسەی خوالێخۆشبوو مامی ماmۆستا مەلا جەلال لەگوندی ئەنگوز سەر بەناحیەی شکارتە.

## لقی ڕانیەی یەکێتی زانایان بەشداری لەڕێوڕەسمی کردنەوەی مزگەوتی فورڤان لەچوارقوڕنەدا دەکات

**ڕاگەیاندنی لقی ڕانیە**/ ڕۆژی ٢٠١١/٤/٧ لەمەڕاسیمێکی شایستەدا، بەئامادەبوونی بەڕێزان بەرپرسی لقی ڕانیەی یەکێتی زانایانو، بەڕێوەبەری ئەوقافی ڕاپەرینو، بەرپرسانی حیزبیو حکومی دەڤەری بیتوێنو، بەشداری بەرچاوی زانایانی ناوچەکەو کەسایەتیو پیاو ماقوڵانو جەماوەرێکی زۆر مزگەوتی (الفرقان) لەشارۆچکەی چوارقوڕنە کرایەوە.

ئەمەو لەمەڕاسیمەکەدا بەڕێز ماmۆستا مەلا عەبدوڵڵای زەنگڵ بەرپرسی لقی ڕانیە، وتەیەکی پێشکەشکرد.

شایانی باسە مزگەوتەکە بەسەرپەرشتی مەلا قادر سینەمۆکیو، لەسەر ئەرکی خێرخوازان دروست کراوە.

## ماmۆستا مەلا مەحمود عەبدول لەچەمچەماڵ کۆچی دوایی کرد

ماmۆستا مەلا مەحمود عەبدول، ناسراو بە (مەلا مەحمودی کەبیر) کە زانایەکی ئاینی شارەزاو دیاری سنووری چەمچەماڵ بوو، کۆچی دوایی کرد.

بەم بۆنەوە بەناوی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستانەوە پرسەو سەرەخۆشی لەخانەوادەکەیان دەکەینو، لەخوای مەزن دەپاڕێینەوە بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

## لقی گەرمیانی زانایان بەشداری یادی ئەنفال دەکات لەگەرمیان

**دانا مەلا حەمەئەمین- گەرمیان**: سەر لەبەیانی ڕۆژی ٢٠١١/٤/١٤ شاندێکی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان کەپێکهاتبوو لە بەڕێزان ماmۆستا مەلا حەمەئەمین کەلاری ئەندامی مەکتەبی تەنفیزیو بەرپرسی لقی گەرمیان بەڕێزان ماmۆستا مەلا ئیدریس ژاڵەییو ماmۆستا محمد حەمەئەمین کارگێڕانی لق لەگوندی دێ بنەی سەر بەناحیەی ڕزگاری قەزای کەلار بەشداریان کرد لە بیستو سێ هەمین ساڵیادی کارەساتی ئەنفال.

سەرەتای مەراسیمەکە بەچەند ئایەتێك لەقورئانی پیرۆز دەستی پێکردو پاش دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان بڕگەکانی مەراسیمەکە دەستی پێکردو پاشان تاجەگوڵینەی ڕێزو وەفاداری لەسەر گڵکۆی ئەنفالکراوان دانراو لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانیش بەدانانی تاجەگوڵینە بەشداری مەراسیمەکەی کرد.

شایانی باسە ئەمساڵ بەجیا لەساڵانی تر بەبەشداری ژمارەیەکی زۆر لە کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالو بەرپرسانی حیزبیو حکومیو ڕێکخراوەیی کوردستان یادەکە کرایەوە.

## لقی شەقڵاوەی یەکێتی زانایان گەشتێکی بەهاری بۆ زانایان ساز دەکات



**ڕاگەیاندنی لق**/ ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠١١/٤/١٤ لقی شەقڵاوەی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، بەمەبەستی وەرگرتنی پشوێکی دەروونیو سەرنجدانی دیمەنە جوانو دڵڕفێنەکانی سروشتی خواکردی کوردستانو، لە نزیکەوەو پێکەوە دانشتنو گفتوگۆو ڕاو سەرنج گۆڕینەوە، گەشتێکی بەهاری بۆ ستافی لقو ماmۆستایانی دەڤەرەکەی سازدا.

ئەمەو ژمارەیەکی بەرچاوی زانایان، کە زیاتر لە ٣٠ ماmۆستای ناوچەکە پێکهاتبوون لەم گەشتە بەشداربوونو، گەشتەکە بووە مایەی خۆشحاڵی ئامادەبووان.

## لقی شەقڵاوەی یەکێتی زانایان پێشوازی لەشاندێکی باڵای بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی شەقڵاوە دەکات



**ڕاگەیاندنی لق**/ سەر لەبەیانی ڕۆژی ٢٠١١/٤/١٢ شاندێکی باڵای بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی شەقڵاوە، بەسەرۆکایەتی بەڕێز کاك دڵشاد میران بەڕێوەبەری ئاسایشی شەقڵاوەو شاندێکی یاوەری، سەردانی لقی شەقڵاوەی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستانیان کردو، بەگەرمیەوە لەلایەن بەڕێزان بەرپرسو کارگێڕانی لقەوە پێشوازییان لێکرا.

ئەمەو لەدانیشتنێکدا باس لەم دۆخە تازەیەی نێو هەرێمی کوردستان کراو، هەردوولا هاوڕابوون کە زەرورە هەموو لایەك بەوپەڕی دڵسۆزیو مەسئولیەتەوە، مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکەینو، گیانی برایەتیو پێکەوە هەڵکردنو ئاسایشی هەرێم بپارێزین.

لەلایەن خۆیەوە بەڕێز بەڕێوەبەری ئاسایشی شەقڵاوە، ڕۆڵی ماmۆستایانی ئاینی بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکەو، سەقامگیری کوردستانو، گوتاری ئاشتی ئامێزی مینبەرەکان، بەتایبەت لەدەڤەری شەقڵاوە بەرز نرخاند.

## لقی شارەزووری یەکێتی زانایان کۆبوونەوەی مانگانەی خۆی ساز دەکاتو بەشداری لەئاشتەوایی نێوان دوو بنەماڵەدا دەکات

**ڕاگەیاندنی لق**: لەڕۆژی ٢٠١١/٤/١٣ لقی شارەزووری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، بەسەرپەرشتی بەڕێز بەرپرسی لقو، بە ئامادەبوونی بەڕێزان کارگێڕانی لقو بەرپرسی ناوچەکان، کۆبوونەوەی فراوانی مانگانەی خۆی ئەنجامدا.

ئەمەو لەکۆبوونەوەکەدا، وێڕای باسکردنو تاوتوێکردنی بارودۆخی ئێستای کوردستانو ناوچەکە، جەخت لەسەر پاراستنی یەکدەنگی زانایانو هاوهەڵوێستیان کرایەوە.

دواتر هەرهەمان ڕۆژ، بەڕێز بەرپرسی لقی ناوبراو، بەهاوڕێیەتی لەگەڵ بەڕێزان زانایانی کارگێڕانی لق، بەشداریکرد لەڕێوڕەسمی ئاشتەوایی نێوان دوو بنەماڵەی گوندی (نجار)ی سەر بەناوچەی (پاوە)ی کوردستانی ئێرانو، سوپاس بۆ خوا، سەرکەوتووانە کۆتایی بەناکۆکی نێوان هەردولا هات.

## لقی سۆرانی زانایان بەخێرهێنانەوەی عومرەکاران دەکاتو ماmۆستایەکی ئاینیش بەسەردەکاتەوە

**مەلا رسول سیتکانی- ڕاگەیاندنی لق**/ بەمەبەستی بەخێرهێنانەوەی ماmۆستایانی ئاینیو هاوڵاتییانی سنورەکە لەسەفەری عومرە، شاندێکی لقەکەمان کە پێکهاتبوو لەبەڕێزان (مەلا مستەفا باپشتی، مەلارسول گەزنەی) بەیاوەری بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆران بەڕێز مەلا وەیسی مەلا سەعید سەردانی ژمارەیەك لە ماmۆستایانی ئاینیو کەسایەتیو هاوڵاتییانی دەڤەرەکەیان کردو لەنزیکەوە بەخێریان هێنانەوەو دوعای قەبول بوونی عومرەکەیان بۆ کردن.

لەلایەکی تریشەوە هەمان شاند سەردانی بەڕێز ماmۆستا مەلا عبداللە ڕەژێکەری پێش نوێژو وتارخوێنی مزگەوتی سپی لەقەزای سۆران کرد کە نەشتەرگەری چاوی بۆ ئەنجامدراوەو لەنزیکەوە ئەحوالیان پرسیو هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواست.

## لقی ڕانیەی یەکێتی زانایان بەشداری لەڕێوڕەسمی کردنەوەی مزگەوتێکدا دەکاتو سەردانی ماmۆستا مەلا عەبدوڵڵای دەروەکۆتری دەکات

**ڕاگەیاندنی لق**/ ڕۆژی ٢٠١١/٤/١٢ ڕۆژی سێشەممە شاندێکی لقی ڕانیەی یەکێتی زانایان، کە پێکهاتبوو لەبەڕێزان بەرپرسی لقو شاندێکی یاوەری، بەشداری کرد لەکردنەوەی مزگەوتی حاجی مەحمود لەرانیە.

شایانی باسە لەڕێوڕەسمێکی شایستەداو، بە ئامادەبوونی کەسایەتیو زانایانو جەماوەرێکی زۆری ناوچەکە، بەڕێز ماmۆستا مەلا عەبدوڵڵای زەگڵ بەرپرسی لق وتارێکی پێشکەش کردو، بەخوێندنەوەی هۆنراوەیەك لەلایەن بەرپرسی ڕاگەیاندن کۆتایی بەمەراسیمەکە هات.

لەلایەکی دیکەو لەڕۆژی پێنجشەممە ٢٠١١/٤/١٤ شاندیکی لق بەسەرپەرشتی بەرپرسی لقو شاندێکی یاوەری، سەردانی ماڵی ماmۆستا عبداللە دەروەکۆتری کرد، کە جەنابیان لەسەفەری وڵاتی سودان گەڕابۆوەو، بەمەبەستی خوێندنی ماستەر چووبوون بۆ ئەم وڵاتە.

## زانایانی ئاینی هەڵمەتێکی وشیاری کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدەن

**ڕاگەیاندنی ئەوقافی سۆران**: بەمەبەستی هوشیارکردنەوەی هاوڵاتییان لەکێشەو گرفتە کۆمەڵایەتییەکان ڕێکخراوی ستارت (start) بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی بەهاوکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سۆرانو لقی سۆرانی یەکێتی زانایانی ئاینی هەڵمەتێکی هوشیاری بۆ ئافرەتان لەسنووری قەزاکانی سۆرانو رواندزو ناحیەکانی قەسرێو دیانا سازکرد، کە لەهەڵمەتەکەدا ماmۆستایانی ئاینی (عبداللە احمدو تاهیر حمد حمدامین) چەندین بابەتو لێکۆڵینەوەیان لەسەر تێڕوانینی ئیسلام بۆ مافی ئافرەتو توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتانو خەتەنەکردنی کچان خرانەڕوو، هەروەك ڕاشیانگەیاند کە ئاینی ئیسلام داکۆکی لە ئافرەت دەکاتو هەموو مافو ئەرکێکی بۆ دیاری کردووە.

لای خۆیانەوە بەشداربووانی هەڵمەتەکە خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بەرامبەر بەسیمینارەکانو بەهەنگاوێ گرنگیان دانا بۆ وشیارترکردنەوەی کۆمەڵگا.

## لە هۆڵی زانایان: دووەمین فیستیڤاڵی (وتاری هاوچەرخ)ی پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکان بەڕێوەچوو.... پ

ئینجا لەلایەن بەڕێز دکتۆر بەشیر خەلیل حەداد سەرۆکی لێژنەی ئەوقاف لەپەرلەمانی کوردستان، وتارێك پێشکەشکراو بەڕێزیان جەختی لەسەر کاریگەری وتاری هەینی کردەوەو، بەهونەر وەسفی کردو، گوتی: دەبێت ماmۆستایانی ئاینی چاوساغی خەڵك بن نەك بەپێچەوانەوەو تەوجیە کراوبن.

دواتر دەستکرا بەخوێندنەوەی وتار لەلایەن قوتابیانی بەشداربووی فیستیڤاڵو، لەکۆتاییشدا لێژنەی هەڵسەنگاندن ناوی هەرسێ براوەی فیستیڤاڵی ئاشکراکردو، خەڵاتیان پێبەخشرا، کە بریتی بوون لەم بەڕێزانە:

یەکەم: ماmۆستا مەلا هەندرێن حەمەئەمین مەحمود- پەیمانگا/ هەولێر/ ئێواران.

دووەم : ماmۆستا مەلا ڕێبوار ئەمیر زاهیر- پەیمانگا/ هەولێر/ئێواران.

سێیەم: ماmۆستا مەلا شاکر سەلیم سمۆ- پەیمانگا /دهۆك ئێواران.

ئەمەو لەلایەن خۆیەوە ماmۆستا هەندرێن براوەی یەکەمی فیستیڤاڵ، خۆشحاڵی خۆی بەو فیستیڤاڵە دەربڕیو، گوتی: زۆر دڵم خۆشە کە ئەمڕۆ لەم فیستیڤاڵە بەشدارمو، پلەی یەکەمم بەدەست هێناوەو، ناوبراو ئەم ڕۆژەی بەرۆژێکی خۆش لەژیانی خۆی وەسف کرد.

براوەی دووەمیش ماmۆستا مەلا ڕێبوار زاهیر بەهەمان شێوە بۆ سایتی زانایان گوتی: سوپاس بۆ خودا کە توانیم پلەی دووەم بەدەست بهێنم، کە پارساڵ بەهەمان شێوە لە فیستیڤاڵی یەکەم لە پەیمانگاکەم یەکەم بووم، بەڕاستی ئەم بەشداربوونەم هێزێکی زۆری پێبەخشیم.

ماmۆستا مەلا عەلی ئاشقولکەش، کە قوتابی پەیمانگای زانستە ئیسلامیەکانەو، لە فیستیڤاڵەکە ئامادەبوو، زۆر خۆشحاڵ بوو بەو چاڵاکیانەو، پێی وابوو ئەم هەنگاوانە زیاتر زانایانی ئاینی خۆشحاڵ دەکاتو، هەست بەبوونی خۆیان دەکەنو، پێشی وابوو کە ئەم فیستیڤاڵە کە لەهۆڵی یەکێتی زانایان بەڕێوەچوو خۆی لەخۆیدا شتێکی جوانبوو، کە شانازیە بۆ هەموو زانایانی ئاینی. هەروەك ئومێدیشی خواست، کە زیاتر پەرە بەم چاڵاکیانە بدرێت.

شایانی باسە: فیستیڤاڵەکە بە سەرکەوتویی کۆتایی پێهات، بووە مایەی خۆشحاڵی ئامادەبووان.

## سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە .... پ

من بەڵێنم بەخەڵکی کوردستان داوە بەرنامەیەکی چاکسازی ڕێكو پێك جێبەجێ بکەمو پەیامەکەی ڕۆژی ٤/١٠ یشم زۆر ڕوونەو پشت بە سێ بنەما دەبەستێت:

١- بەشداری ئۆپۆزسیۆن لەچاکسازی.

٢- بەشداری ئۆپۆزسیۆن لەحکومەتێکی بنکە فراوان.

٣- ئەگەرنا ئەوە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێش وەختە.

کە ئەمانەیش هەر هەموویان دەبێ لەچوارچێوەی شەرعیەتو یاسادا ئەنجام بدرێنو بۆ ئەم مەبەستەش هیوادارم هەردوولا هەست بە بەرپرسیارێتی مێژوویی خۆیان بکەنو بەزووترین کات دەست بەگفتوگۆو دیالۆگی نێوانیان بکەنەوەو بگەنە ڕێککەوتنێك کە کۆتایی بەم بارە بهێنێت.

## با خیتابی دینی دوور بێ لەعاتیفەو.... پ

بەکاریان دەهێنانو لەکاتی هێمنیو ئارامیش پرس خەسوێنەشیان پێ نەدەکردن. کاربکەن با چیتر هیچ لایەنێك دەستی چەور بەماmۆستایانی ئایینی نەسڕێتەوە، با چیتر ماmۆستایانی ئایینی نەبنە پاشکۆی سیاسییەکان، با خۆیان ڕابەرو پێشەوابن، هەر ڕۆژەوکەسانێك بەئارەزوی خۆیان نەیان جولێنن لەدوایش دا فەسلی دین لەدەوڵەت بکەن بڵێن ئێوە کاری مینبەر بکەنو دەوڵەتداری ئیشی ئێوە نییە.

**چوارەم**: بەبڕوای من لەدوای دەرچوونی ئەو نامیلکەیەو ئامۆژگاری دڵسۆزی زۆرێك لەماmۆستایانی ئایینی، ئێستا نوێژەکەی بەر دەرکی سەرا بەشێوەیەکی ڕێكو پێکترو ئارامتر ئەنجام دەدرێ. خۆپێشاندانەکەش ئارامترو بێ گێرەو کێشە ترە.

زانایان
خاوەنی ئیمتیاز
مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید
amalazada@gmail.com
سەرنووسەر
جەعفەر گوانی
٠٧٥٠ ٤٥٢ ٢٣٠٥
cefergwani@gmail.com
بەڕێوەبەری نووسین
عەبدوڵڵا شێرکاوەیی
Sherkaway83@gmail.com
ستافی کار
طیب زیارەتی
ئەمیرعەبدولسەتار
طه شمس الدین
ناونیشان
هەولێر- شەقامی شەست مەتری سێڕیانی
ڕێگای موسڵ – بارەگای مەکتەبی تەنفیزی
یەکێتی زانایان